www.kurdistannet.org

31-10-2007 0:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فاشیستەکانی تورک تیشکی هزریان تابەرپێیان بڕناکات ... جەمال فەتاح

لەمرۆی گێتی دا بەگشتی و لەمڕۆی جیهانی پێشکەوتنخوازیدا بەتایبیبەتی تەنها هزری جوان وهۆشی فراوان وبیرکردنەوەی مرۆڤانەی بەنرخ بووەنەتە مەشخەڵی گەلان ودنیای سیاسەتوانی وسیاسەت وانان، لەجیهانی ئەوروپادا کەتورکیاش خەونی پێوە ئەبینێت ولەبەر هزر لاوازی سەرانی کۆنەپەرست وفاشیزم پێی ناگات، کێبەرکێیە لەپێناوی خزمەت کردنی مرۆڤ ومرۆڤایەتی وداهێنانی نوێدا و نوێخوازی وخۆشگوزرانی کۆمەڵانی خەڵکی لەوڵاتەکانیاندا، دنیای پڕلەداپەروەری ئەوروپا لەململانێدان بۆهەرچی زیاتر خزمەتی مرۆڤ ومرۆڤایەتی ئیتر لەفەلەستین بێت یان لەسۆمال لەدارفۆربێت یان لە کۆسۆڤۆ لەکوردستان بێت یان لە ئەفغان، کەچی لەناو ئەوهەموکێبەرکێ مرۆڤانەیەدا سەرانی تورکیای فاشیست مافی هاووڵاتیانی وڵاتی خۆشیان ناپارێزن، نەک هەرمافوسەربەستییەکانی هاووڵاتیانی تورکیا پایەماڵ ئەکەن بەڵکو دەسگاجاسوسییەکانیان بەدرۆو چاوڕاو چاوبەستی هاوڵاتیانی تورکیا دەکەن وایان فێر ئەکەن کە تورک گەورەترین وناسراوترین نەتەوەیە لەسەر ئاستی جیهاندا بەگشتی، وا جەماوەری ناوەوەی تورکیا تێدەگەیەنن کە هەموگەلانی جیهان تورکی دەزانن، وایان فێر ئەکەن کەلەوڵاتی تورکیادا هیچ گەلونەتەوەیەک نییە جگەلەتورک بۆیە تەنها زمانی تورک ونەریەتی تورک هەیە لەتورکیاو ئیتر هیچ کەلتورونەریەتێکیتر جێگای نابێتەوە، ئەم جۆرە پەرەوەردە سەقەتەو ئەم درۆشاخدارانەی سەرانی تورک ودەسگاسیخوڕی وداپلۆسێنەرەکانیان کەهۆکاری گواستنەوەو داسەپاندنی درۆکانن لەسەرانسەری تورکیادا، وایکردووە کە نەتەوەی تورک لەگشت نەتەوەکانیتر زیاترخەڵکی ڕاسیزمی تێدابێت وخەڵکی دیکتاتۆرو چەوسێنەری لەهەر گۆشەیەکیتری ئەمجیهانە زیاترە، بیری تەسکی شۆڤێنییەت وئەقڵی دواکەوتوانەی تورکی لەگشت گەلونەتەوەیەک بەرچاوترە، ئەمەش دیارە لەسەرانسەری جیهاندا ئەوە سەلمێنراوە کەسە شۆڤێنی وڕاسیزمەکان لەکەسایەتییە لاوازو دواکەوتوو ودەمارگرژەکان دروست دەبن چونکە کەسایەتییەکی هۆشمەند وهزرجوان هەرگیز نەسێبەر بۆمافی کەسانیتر ئەکات نەهەوڵی چەوسانەوەی کەسانیتر ئەدات وەنەکاری دژە مرۆڤ ونەشیاو ئەنجام ئەدات.

دیارە چاوبەستکردن لەگەل ونەتەوەو هاونیشتمانیانی خۆت لەلایەن دەسەڵاتەوە گەورەترین تاوانە بەتایبەتی ئەوجۆرە درۆکردنە کەحاشا لە بوونی نەتەوەیەکی وەک کورد یان ئەرمەن بکەیت کەنزیکی نیوەی دانیشتوانی وڵاتی تورکیا پێک دێنن، یان ئەودرۆیانەی کەئەبێتەهۆی دەمارگرژی تاکە سادەکانی کۆمەڵ بەرانبەر بەگەلونەتەوەیەکیتر یان نەخوێندنەوەی بەشێکی گرنگ لەدانیشتوانی تورکیا وبێبەشکردنی لەسەرەتاییترین ماف کەکوردە لەهەمانکاتدا خۆت ودەسەڵاتەکەت ناوبنێیت دەسەڵاتێکی دیمۆکراسی وپێشکەوتنخوازی بێخەوش، وەپێتان وابێت هەموجیهان وەک ئێوە بەدرۆی شاخداری خۆتان وپێشخۆتان لەئەتاتورکەوە بەشەوارەکەوتوون ووەک ئێوە چاویان هیچ ڕاستییەک نابینن.

سەرانی فاشیزم ورەگەزپەرستی تورک پێیان وایە دەسەڵاتی ئەوان بەوەحی لەلایەن خوداوە هاتووەو ژێردەستی وچەوسانەوەی کوردیش هەر بەهەمانشێوە لەلایەن خوداوە دابەزیوە، بۆیە نایانەوێت ونابێت کورد هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت ونابێت هیچ مافێکی هەبێت و وەک مرۆڤ بژی ئەگەر لەوڵاتێکیتری دەورو بەری تورکیاش وردترین ماف بۆ کورد دەستەبەر بکرێت لەسەر خاکی خودی کوردوماڵی خودی کورد ئەوە دەبێت تورک پەلاماری بدات ولەناوی بەرێت وبێمافی بکاتو بیچەوسێنێتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وخاکومالۆناموسی داگیربکات وپایەماڵی بکات، ئەمەیاسای کوێیە؟!جگە یاسی بەربەرییەت وفاشییەتی تورک.
ئالەم ئاستەدا ڕوودەکەمە هەموکورد بەگشتی وکوردی باکور بەتایبەتی وئەڵێم ئیتر نەنگە لەچەرخی بیستویەکەمدا ڕێگابدەین سەرانی فاشیستو ڕاسیزم ودیکتاتۆری تورک بەئارەزوی خۆیان یاری بەمقەدەساتی نەتەوەکەمان بکەن و تورکە کەلەپوتەکان دەستدرێژی بکەنە سەر خاک ومالٚ وناموسی نەتەوەکەمان ئێمەش لێی بێدەنگ بین، باهەمومان لەپشتی دڵسۆزترین وجەربەزەترین سەرکردەی نەتەوەکەمانەوە جەنابی کاک مەسعود بارزانییەوە ڕابووەستین دژی فاشیستی تورک و لەشکرکێشی سوپای تورک بۆسەر کوردو باشوری کوردستان وەرێگانەدەین بەسەرانی داگیرکەری تورک لەوەزیاتر خاکی کورد گلاوبکەن وەبیسەلمێنین بۆدۆست ودوژمن وەک سەرۆک بارزانی فەرمووی ئێمەش هەین مافی ژیانمان هەیە.

2007/10/29

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.